لێم گەڕێن با قسان بکەم



یوسف عوسمان حەمەد
پسپۆڕی دەروونزانی

# یاسا و پرسەخەسوانە

لە رووی سایکۆلۆژییەوە پرسەخەسوانە، واتە پشتگۆی خستنی بیروبۆچوونی بەرامبەر و وەرگرتنی بڕیاری یەک لایەنە، ئەم هاوسەنگی دەگەیەنێت. لە رووی کولتورییەوە دەگێڕنەوە کوڕێک و کچێک زۆر یەکتریان خۆشدەوێت، چەند ساڵ بە یەکەوە دەبن و هەموو شتێک دەبڕنەوە، تەنانەت دەڵێن کوڕەکە دەشقەومێنێ و تووشی ئەمری واقیع دەبێت، لەگەڵ دایک و باوکی کچە کۆ دەبێتەوە هەموو شتێک کۆتایی پێ دەهێنێت کچە سکی بەرز دەبێتەوە کوڕەکە دەچێتە لای باوکی دەڵێت: دەمەوێت ژن بهێنم باوکی دەڵێت زۆر باشە، بەڵام ئەو کەسە کێیە؟ ئەویش دەڵێت: کچی فلانە کەسە، یەکسەر باوکەکە دەڵێت نا نابێت، ئەوە بێ ئەوەی خۆی تێک بدات، دەڵێت: باوکە هەموو شتێک کۆتایی هاتووە و قەوماوە، جا باوکەکە دەڵێت ئەی پرسم پێ دەکەیت مادام بۆ بە قسەم ناکەیت؟ ئەویش دەڵێت بۆ ئەوەی بەیانی لای خەڵک بڵێم پرسم بە باوکەم کردووە و سوێندی لەسەر بخۆم. لە رووی کۆمەڵایەتییەوە پرسەخەسوو واتە پشتگوێخستنی کەسێک کە نەتەوێت ببێتە هاوبەشی بڕیار یاخود لە بازنەی پەیوەندی دایە بەڵام ئاگاداری هیچ شتێک نییە، لە رووی ئیدارییەوە واتە زۆرجار لە فەرمانگەیەک زۆرشت دەگۆڕێت و ئالوگۆڕ دەگرێت بێ ئەوەی کەسانی دیکە ئاگادار بن رەنگە گۆڕانکارییەکە پەیوەندی بەخودی ئەو کەسە هەبێت بڕیار دەربچێت ئەو کاتە ئەو بزانێت، یاخود زۆر گۆڕانکاری دەکرێت لەسەرووتر و بێ ئەوەی بنکە ئاگاداری ئەو کارە بێت، واتە خەڵک و میللەت تەنیا پرسە خەسووی پێ دەکرێت، لە پشت ئەوەوە بڕیارەکانی دەردەچن خەڵک تەنها پرسیار دەکات بەڵام نازانێ لە کێ و چۆن وەڵامی وەرگرتەوە کێ وەڵامی راستەقینەی پێیە و چۆن دەتوانێت بەشداری بکەین لە بڕیاری سیاسی، لە رووی یاساییەوە زۆرجار یاسایەک بە پاڵپشتی کۆمەڵێک سیاسیی و حزب و سەرمایەدار دەردەچێت بێ ئەوەی سەنەدێکی کۆمەڵایەتی یاخود راپرسی کۆمەڵایەتی هەبێت، بۆ نموونە یاسایەک دەرچووە و گەڕانەوەی بۆ نییە تەنها خەڵک روونکردنەوەی دەوێت و پرسیار لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی دەکەن، واتە تەواو خەڵک کۆمەڵ بەشێک نابێت لە دروست کردنی بڕیاری دروستکردنی یاسایەک، هەر ئەوەشە وەکو پرسەخەسوو رێژەی هۆشیاری یاسای کەمتر لەمە عریفەی تاک بەردەوام لە پچووکترین دەرفەت هەوڵی ئەوە دەدەن چۆن دژی یاسا بوەستن، چونکە هەست دەکەن بەشێک نین لە دروستکردنی بڕیار و چاکسازی یاسایی.